

# حکومەتی یکگرتووی کوردستان لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی گەورەدایە

**راپۆرتی**
**لوقمان شێروانی**
**نێردراوی لڤین بۆ**
**پەرلەمانی کوردستان**

● دوای (12) ساڵ لە پەرتبوون دواجار ڕۆژی (2006/5/7) حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان ڕاگەیەنرا و کوردستان لە حاڵەتی دووئیدارەیی ڕزگاری بوو.

ئەو حکومەتە نوێیەی کە لە بەردەمی سەرۆکی هەرێم و پەرلەمان و ئەندامانی و ژمارەیەکی زۆر لە میوانانی ناوخۆ و دەرەوە سوێندی یاسایی خوارد، چاوەڕێ دەکرێت لە ئاستی ئازار و مەینەتییەکانی خەڵکی کوردستاندا بێت، کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە هەموو مافێکی خۆیان خۆشبوون و قبوڵی هەموو ئازار و ناڕەحەتییەکیان کرد.

ئێستا حکومەتی هەرێم لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی گەورەدایە. تاچەند ئەتوانێت ببێتە جێگەی ئومێدی هاولاتیان و گەندەڵی و شەڕی ناوخۆ و دووئیدارەی سالآنی ڕابردوویان بیرباتەوە و دەستەبەری مافە یاسایی و مەدەنییەکانی خەڵك بکات .

وەزیرە نوێیەکانی کابینەی نوێ بە گەشبینییەوە لە ئاینده دەڕوانن و پێیان وایە حکومەتی نوێ دەتوانێت لە ئاستی هیواکانی خەڵکیدا بێت.

سەبارەت بەبەرنامەی کاری حکومەت لەبارەی پاراستنی سەروەری یاسا و مافەکانی هاولاتییەوە (چنار سەعد عەبدوڵلا) وەزیری شەهیدان و ئەنفال پێیوایە کە"دەبێت ئەم حکومەتە نوێیە ئەرکی پاراستنی سەروەری یاسا و مافەکانی هاولاتیان بێت، چونکە ئەرکی کابینەکە وەك لە بەرنامەی سەرۆکی حکومەتدا هاتووە دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی شارستانییە، ئەگەر یاسا سەروەر نەبێت ئەو کۆمەڵگەیە دروست نابێت"

(دارا حەمە ئەمین) وەزیری ژینگە کە کاندیدی کۆمەڵی ئیسلامییە، تێبینیان لەسەر دروستکردنی کابینەی ئێستا و کابینەی پێشووش هەیە، دارا ئەڵێت"ئێمە پێمان وایە دەبوو بەشدارییەکی کاراترمان هەبووایە و وەزارەتێکیش کەمە بۆ کۆمەڵ"

دارا ئاماژەی بەوەدەدات کە بەرژەوەندی میللەتی کوردیان ڕەچاوکردووە، بۆیە بەشدارییان کردووە، سەبارەت بە بەرنامەی حکومەتی نوێ (دارا حەمە ئەمین) وتی"دەبێت دەورێکی کارا ببینین لەم حکومەتەدا تا هەڵەکانی پێشوو دوبارە نەبنەوە، دەبێت کابینەی

پێنجەم کاری جدی بکات"
پالێوراوی حزبی زەحمەتکێشان (سەعد خالید) وەزیری هەرێم، پێیوابوو دەبێت هەوڵی جدی بۆ بدرێت تا کەمووکورتییەکان نەهێڵرێن.

(سەعد) ئاماژەی بەوەدا کە ئەرکی ئەم کابینەیە دروستکردنی لیژنەیەکە، کە موتابەعەی ئیش و کارەکان بکات و سەرجەم وەزارەتەکان چاودێری بکات، تا هەوڵ بدرێت سەیتەرە بکرێت بەسەر کەموکوڕییەکاندا، ئەو وتی دەبێت هەموو توانای خۆمان سەرف بکەین بۆ نزیکبوونەوە لە ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان.

لە ئەرکە سەرەکییەکانی حکومەت دژایەتی و کەمکردنەوەی گەندەڵییە، کە دەبێت حکومەتی یەکگرتووی کوردستان لە پێشینەی کارەکانی خۆی دابنێت.

(ئەبوبەکر عەلی) کە وەزیری هەرێمە لەسەر لیستی یەکگرتووی ئیسلامی وتی"سەرۆکی حکومەت لە بەرنامەکەیدا دیاردەی گەندەڵی بە شەرمەزاری ناوبرد، ئەمە زۆر گرنگبوو، ئەمە سەرەتایەکی باشە، پێویستە هەنگاوی یەکەمی دژایەتیکردنی گەندەڵی لێرەوە بنرێت"

(ئازاد مەلا فەندی) کە وەزیری هەرێمە بۆ کاروباری تەندروستی لەسەر لیستی پارتی، ئاماژەی بەوەدا کە "میکانیزمێك دانراوە بۆ چارەسەری گەندەڵی بۆیە چارەسەری من بۆ گەندەڵی هەرهەمان قسەی سەرۆکی حکومەتە وەك لە بەرنامەکەیدا ڕوونیکردەوە"

بەلاّم وەزیرەکەی کۆمەڵی ئیسلامی باوەڕی وایە کە"چارەسەری گەندەڵی بە تەنها بە حکومەت ناکرێت، بەڵکو بە پەرلەمان و هاوکاری خەڵك دەکرێت، ئێمەش دەبینە بەشێك لە حکومەت و دەورێکی کارا دەبینین لە دووبارە نەبوونەوەی هەڵەکانی پێشوو"

پرسێکی تر و ئەگەرێکی سلبی کە دەکرێت ئەوەیە بەشدارییپێکردنی حزبەکان هەوڵێك بێت بۆ نەهێشتنی حیزبی ئۆپۆزسیۆن لە کوردستاندا.

(سەعد خالید) وەزیر لە لیستی زەحمەتکێشان، ئاماژەی بەوە کرد"ئێمە لە سەرەتاوە زۆر بەڕوونی ڕای خۆمان دەربڕی کە دەبێت دەوری حزبەکانی تر کاریگەرتر بێت، بەلاّم ئەم مەرحەلەیە حەساسە بۆ چەسپاندنی مافەکانی کوردستان، بۆیە پێمانوایە بەشداریکردنمان بەشێکی ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی بوو بۆ ئەم قۆناغە"

بەلاّم (ئەبوبەکر عەلی) پێیوایە لە ئێستا قسەکردن لەسەر موعارەزەیەکی کوردی بەمانا سیاسییەکەی هێشتا زووە، لێرە موعارەزەبوون زیاتر وەکو دوژمن پێناسە دەکرێت، قۆناغەکەش ناسکە و تازە لە جەنگ هاتووینەتە دەرەوە، لەم حکومەتەدا پێویستە زۆرترین نوێنەرایەتی و فراوانترین بنکەی حکومەت بەشداری بکات.

سەبارەت بە هەڵوێستی کۆمەڵی ئیسلامی سەبارەت بە بەشدارییان لە حکومەتدا، (م. دارا) وتی"ئەگەر هەلومەرجی کوردستان لەباربوایە و بەم بارودۆخەدا نەڕۆشتایە، گەر موعارەزە هەبوایە شتێکی باش بوو، ئێستاش حکومەت دروستبووە مانای ئەوە نییە کە حکومەت کەموکوڕی هەبێت لایەنەکان نەیخەنەڕوو، ئێمە موعارەزە دەبین لە پێشێلکاری، بۆیە دەکرێت هەموو لایەکمان دەنگمان هەبێت"

وێنە : سایتی www.FILCKR.COM

## سەرکردەکانی ئەمڕۆ قەرزاری میللەتی خۆیانن

